# پێغەمبەرەکان و تەواوکردنی بەرنامەکانیان

کوردی

بەشی دووەم  بۆ بینینی بەشی یەکەم ئێرە کلیک بکە.

شتێکی بەلگە نەویستە سەرهەڵدانی پێغەمبەرێکی نوێ لە ئەنجامی تەواونەبوونی ئاینەکەی پێشی خۆی بووە. کاتێک موسا بەرنامەی خوای ڕاگەیاند بۆ چاککردنەوەی خەلکی کۆملگای ناوچەکەی خۆی، بەرنامەکانی چر و پڕ نەبوو واتە بەرنامەکەی خوا تەواو نەبووبوو، هەربۆیە پاش ١٧٠٠ ساڵ عیسا وەکو پێغەمبەرێکی خوایی بەرنامەی خوای هەندێ تەواوکرد. پاش ٦٢٠ ساڵ خوا بە یەکجاری بەرنامەکانی خۆی تەواوکرد بەناردنی دوا پێغەمبەری سەر ڕووی زەمین ئەویش محمد مستەفا بوو.

هەموو زاناکانی ئاینی ئەلێن خوا نەیووستووە بەیکجار بەرنامەکان بنێرێت بە پێغەمبەرێک لە بەر ئەوە خەلک زۆر سادە بووە نەیان توانیوە بەیکجار بەرنامەی خوا تێبگەن بۆیە خوا مەولەتی دابوو بە خەلکی سەرزەمین تاوەکو بەپێی کات ڕۆشن ببنەوە. بە ڕۆشن بوونەوەی خەلک خوا بەرنامەیەکی تری ئەنارد. زاناکان ئەلێن ئەمە ڕێگایەک بووە بۆ ئەوەی خەلک زیاتر لە بەرنامەی خوا تێبگات.

بەڵام با بەراوردێک بکەین لە نێو بەرنامەی موسا و عیسا بزانین چ جیاوازیەک هەیە، با بزانین بەرنامەکەی عیسا چ بەرنامەیەکی قورسی هێنا لەگەڵ خۆی کە مرۆڤ ١٧٠٠ ساڵ بووی ڕاوەستێ، با بزاین خەلک لەم ماوە زۆرە چەند بەروو پێش چوو و هەروەها چ فەلسەفەیەک هاتە پێش تاوەکو بە ئاسانی لە عیسا بگەن

بێگومان هیچ جیاوازیەکی ئەوتۆ نیە لە نێو موسا و عیسا هیچ شەریعەتێکی قورس لەگەڵ بەرنامەی عیسا نەهات تاوەکو خەلک زیاتر بێنێتە سەر ڕێی ڕاست، تەورات چەند گاتێکی سادەو ساکاری تێدایە وە ئینجیلیش هەر هەمان قسەکانی موسای دووبارە کردۆتەوە، کەوابوو هاتنی ئاینی عیسا چ سوودێکی هەبوو.

ئەگەر خەلکانی ئەم سەردەمە لە ئاینی موسا لایان دابا، دەبوایە عیسا وەکو چاککەرێکی کۆمەلگا هاتبا و ئاینی موسای زیندوو کردبایەوە نەوەک ئاینێکی نوێی هێنابا. وەک بە پێغەمبەرایەتیش سەری هەڵدا دەبوایە ئنجیل تەواوکەری تەورات با، ئەوەی لە تەورات نەبوو دەبوایە لە ئنجیل هەتبا بەڵام بە پێچەوانەوە جیاوازیان کەوتە نێوانیان

دوو بەندی زۆر گرینگ هەیە کە عیسا لەگەڵ موسا جیاوازی هەبوو

لە ئاینی موسا گۆشتی بەراز خواردنی قەدەغە کراوە بەڵام لە ئاینی عیسا گۆشتی بەراز قەدەغە نەکراوە، هەروەها خەتەنەکردنی کچ و کوڕ بە شتێکی پێوویست دانراوە لەلایەن ئاینی موسا بەڵام لە ئاینی عیسا خەتەنەکردن بە شتێکی پێووست دانەنراوە

پرسیار

ئەگەر عیسا پێغەمبەری خودا بێت بۆچی بە دژی ئەم دوو شەریعەتەی موسا جولاوەتەوە

ئەگەر عیسا مرۆڤێک بووبێت ئاگای لە موسا نەبووە ئەی بۆچی خوا بێ ئاگا بووە

ئایا کە عیسا و خەلکانی سەردەمی خۆی گۆشتی بەرازیان خواردووە چۆن خوای گەورە ڕێی پێداوە کە ئەم گۆشتە بخون و ئاگاداری عیسای نەکردوە

ئایا سەردەم چ گۆرانکاریەکی بەسەر داهاتبوو لەکاتی عیسا کە ئەم گۆشتە حەلال بکرێت یاخود لابردنی خەتەنەکردنی کچ و کوڕ

بەلاّم لێرەدا تەنها یەک بەلگەی مەنتیقیمان بەدەست دەکەوێ دەبێ یەکێکیان پێغەمبەر نەبن چونکە پێغەمبەر تەواوکەری یەکتر دەبن نەک بەرهەلستی یەکتری خۆ هەر دووکیان نەوەی ئیبراهیمن چۆن وا بە دژی یەکتری جولاّونەتەوە.

لە پاش تەواو بوونی بەرنامەی عیسا پاش ٦٢٠ سالّ ئاینی محمد هاتە کایەوە ئەمە دوا پێغەمبەری سەر ڕووی زەمین بوو ئەمە تەواوکەری هەموو بەرنامەکانی خوایی بوو، بەلاّم ئەمیش وەک عیسا کە چۆن بەرنامەکەی لەگەلّ موسا ڕێک نەکەوت ئەویش لەگەلّ عیسا بەرنامەکەی یەکی نەگرتەوە وە لەهەمان کاتیش دانی پێ داهێنا کە عیسا پێغەمبەری خوا بووە.

ئاینی ئیسلام بەرنامەی موسای زیندوو کردەوە بەوەی گۆشتی بەرازی قەدەغە کرد و خەتەنەکردنی کچ و کوریشی زیندوو کردەوە.

بەلاّم دیسان پرسیار

ئایا چ گۆرانکاریەک ڕووی دا تاوەکو گۆشتی بەراز قەدەغەبکرێتەوە و خەتەنەکردنیش بۆ جارێکی تر سەر هەلّبداتەوە

کەواتە یەک بۆچوونی تر هەیە دەبێ یەکیان پێغەمبەر نەبن

ئەگەر ئاینی ئیسلام باسی عیسای نەکردبا ئەوا ئەمان ووت ئاینی موسا و محمد لەیەک ئەچن و عیسا پێغەمبەر نەبووە تەنها چاککەرێکی کۆمەلگا بووە بەلاّم ئەمە جێگای سەرسورمانە ئاینی ئیسلام دان بە پێغەمبەرایەتی عیسا دا ئەنێت

وە کو دانیشی پێدائەنێت دەبوایە برنامەکەی ڕێک بایە لە گەلّ عیسا

ئەگەر پێغەمبەرەکان تەواوکەری یەکتری بان دەبوایە بەرنامەکانیان بە زنجیرەیی داڕۆیشتبا. دەبوایە گۆشتی بەراز حەلال بوایە و خەتەنەکردنیش نەبوایە لەلایەن موسا بەلاّم لەلایەن عیسا و محمد بۆ تەواوکردنی بەرنامەی موسا دەبوایە گۆشتی بەراز قەدەغەکرابایەو خەتەنەکردنیش هەبوایە.

ئیتر ئەم پێغەمبەرانە هەزاران پرسیار و گومانیان لە دلّی خەلک درووست کردووە کە ئایا ئەمانە پێغەمبەری خواین یان چاککەرێکی کۆمەلگا بوون.

ئەگەر ئەمانە چاککەری کۆمەلگا بوون هیچ تاوانێکیان نییە چونکە مرۆڤ چەند ڕۆشنبیر بێت ناتوانێت زانیاری تەواوی لەسەر مێژوو هەبێت، بۆیە بەرنامەکانیان هەندێ جیاوازی هەبووە لەگەلّ بەرنامەکانی پێشووی خۆیان، بەلاّم ئەگەر ئەمانە نێنراوی خوایی بوونە دەبوایە خوا ئاگاداری بکردبان و بەرنامەکەی بە تەواوی و بە زنجیرەیی هێنابا خوارێ.

پێغەمبەرەکان کە خۆیان ووتوویانە ئێمە تەواوکەری پێغەمبەری پێشووی خومانین، کە ئەم قسەیان ڕاگەیاندووە دەبوایە پەرتووکە کانیشیان هەمان ناوی پێشووی خۆی هەبا، نەدەبوایە ناوی ئنجیل درووست ببووبا دەبوایە ناوی تەورات با و بەشێکی تری تەورات با وەک ئێستا لە

زۆر کتێب کە هەردووئاینی تێدایە پێ ئەلێن سەردەمی کۆن و نوێ (بایبل) ، هەروەها دەبوایە قورئانیش دوا بەشی تەورات با نەوەک ئەم ناوەی بۆ درووست بوو.

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نوسیتێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org کوردستان نێت